**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن**

**سیستمی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەم  دەرامەتەکان**

# مـەرجـەکـان

مەرجەکانی بەکارهێنانی سیستمی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەم دەرامەتەکان بۆ سودمەندبوون لە یەکەی نیشتەجێبوون لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

ڕێگاپێدان بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی بەدەستهێنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەم دەرامەتەکان لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بە کۆمەڵێك مەرجەوە گرێدراوە. هەر داواکارێك بەو مەرجانە ڕازی نەبێت، بۆی نیە بۆ هیچ مەبەستێك سوود لەم سیستمە وەربگرێت و داواکاری پێشکەش بکات.

مەبەست لەم سیستمە ئاسانکاریە بۆ خێزانە کەم دەرامەتەکان کە هەموو ئەو مەرجانەیان تیادایە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە پێشبڕکێ بکە بۆ بەدەست هێنانی ئەو یەکەی نیشتەجێبونانەی دروستکراون یان دروست دەکرێن بەو مەرج و ڕێنمای یانەی بۆیان دانراوە.

**مەرجەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بەم شێوەیەی خوارەوەن:**

هەر کەسێك تەمەنی لە سەرو (١٨) سال بێت و خێزان داربێت و هەموو ئەو مەرجانەی تیادابێت کە لە خوارەوە هاتووە دەتوانێت لە ڕێی ئەم سیستمەوە فۆڕمی داواکاری پێشکەش بکات بە بێ ئەوەی لەسەرەتاوە بەڵگەکان بخاتە ڕوو تا هیچ بارگرانیەك بۆ کەس دروست نەبێت لەبەر ئەوەی پێشبڕکێکە لە نێوان داواکارانێکی زۆر بۆ بڕێکی یەکەی نیشتەجێبوونی دیاری کراودایە. وەزارەت بڕیاری داوە تا هیچ بارگرانیەك بۆ کەس دروست نەبێت هیچ بەڵگەو پێداویستیەك داوانەکات، بەڵام پاشان هەرکەسێك بە پێی ئەو مەرجانەی داواکراوە توانی خاڵی پێویست بەدەست بهێنێت و ببێتە خاوەنی یەکەیەك لەو یەکە نیشتەجێ بوانەی دیاری کراون ئەوا مەرجە هەموو ئە زانیاریانە بسەلمێنێت کە لەم فۆڕمی داواکاریەدا تۆماری کردوون. بوونی هەر زانیاریەکی هەڵە داواکار ڕوبەڕوی لێپێچینەوەی یاسایی دەکات و وەزارەتمان بەمافی تەواوی خۆی دەزانێت لێپێچینەوە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە بکات کە زانیاری نادروستیان پێشکەش کردووە. هەربۆیە تکادەکەین هەر کەسێك تەواوی ئەو مەرجانەی تیادا نەبوو ئەوا داواکاری پێشکەش نەکات تا کاتی خۆی و ئێمەش بەفیڕۆ نەدات و تووشی لێپێچینەوەی یاسای نەبێت.

ئەگەر ئامادەیت پەیمان نامەی دادنووس بهێنیت بۆ هەموو یەکێك لەم پەیماننامانە لە کاتێك دا کە وەڵام بەڵێ هەڵدەبژێریت! ئەم کاتە ئەم فۆڕمە پڕ بکەرەوە:

**پەیماننامە داواکراوەکان:**

- پەیمان دەدەیت هاوڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق بیت و نیشتەجێی ئەم پارێزگایەو شوێنی وەرگرتنی ئەم فۆرمە بیت؟
- پەیمان دەدەیت خۆت یان هاوسەرت سەربەخۆ خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ نەبیت (خانوو یان شوقە)؟
- پەیمان دەدەیت خۆت یان هاوسەرەت سوودمەند نەبوبیت لە هیچ پرۆژەیەکی تری نیشتەجێ و وەرگرتن و خاوەندارێتی یەکەیەکی نیشتەجێ؟
- پەیمان دەدەیت خۆت یان هاوسەرت سوودمەند نەبوبیت لە پێشینەی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان؟
- پەیمان دەدەیت ئەگەر بوویت بە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون تاکو (١٠) ساڵ مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێ نەکەیت؟
- پەیمان دەدەیت کە خۆت یان هاوژینت سوودمەند نەبوینە لە موڵکی دەوڵەت (زەوی، خانوو، شوقە)؟
- پەیمان دەدەیت دانیشتووی دەرەوەی هەرێم نیت و هەڵگری هیچ رەگەزنامەیەکی تر نیت جگە لە رەگەزنامەی عێراقی؟
- پەیمان دەدەیت ئەم داواکاریەت لە پارێزگای تری هەرێم پێشکەش نەکردووە؟
- پەیمان دەدەیت کە خۆت یان هاوژینت سوودمەند نەبوبیت لە هیچ زەوی و خانویەکی زیادەڕەو (فۆڕمی بۆکرابێت) لەسەر موڵکی شارەوانی.
- دوای خاڵ بەندی و پاش ڕاگەیاندنی ناوەکان دەبێت داواکار پشتگیری و ئەستۆپاکی بۆ پەیماننامەکانی سەرەوە لە شوێنی پەیوەندیدار بهێنێت.

**زانیاری سەبارەت بە سەرۆك و ئەندامانی خێزان:**

ناوی تەواوی سەرۆك و ئەندامانی خێزانەکەت بنووسە: هاوسەر، کوڕ، کچ، بە مەرجێك هاوسەرگیریان نەکردبێت. ئەگەر کەسانی تر هەبوون و بەرێزتان بەخێوکەریانن (معیل) وەك و دایك و باوك و هیتر، ئەوا بەڵگەنامەی بەخێوکردن (حجة الاعالة) داواکراوە و کاتێك کە داوات لێدەکرێت گەر ئەو بەڵگانە پێشکەش نەکەیت و ئەو ڕاستیە نەسەلمێنیت ئەوا لە پێشبڕکێکە دوردەخرێیتەوە و تواشی لێپێچینەوەی یاسای دەبیت.

**هەر بەکارهێنەرێك ئەگەر ئەکاونتی تایبەت بەخۆی لەسەر ئەم سیستمە دروست بکات دەبێت ئەم مەرجانە ڕەچاو بکات:**

- ✓ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیستەجێکردن بەرپرسیار نیە لەوەی ناوەڕۆکی ئەم فۆڕمە لە لایەن بەکارهێنەرانیەوە بە خراپ سوودی لێوەربگیرێت.
- ✓ بەکارهێنەران و داواکارانی یەکەکانی نیشتەجێبوون ئەوەیان قبوڵە کە کاتێك لەسەر مۆبایلەکەی یان کۆمپیوتەرەکەی ئەم سیستمە بەکار دەهێنێت لینکی سیستمەکە وەك ئەپێك دابمەزرێت و دەکرێت مەرجەکانی دیاری کراون گۆڕانیان بەسەردابێت، بۆ یە بە وریاییەوە ئەپەکە یان وێبسایتەکە ئەپدەیت دەکاتەوە و دەرئەنجامی ئەپدەیتکردنەکە هەرشتێك بێت ئەوا بەکارهێنەران قبوڵی دەکەن.

- ✓ کۆپی ڕایتی ئەو کەرەستەو زانیاریانە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دەگەڕێتەوە و نابێت بۆ هیچ کارێکی تر بەکاربهێنرێت.
- ✓ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئازادە لەوەی ئەو کەرەستەو زانیاریانە بە بێ ئەوەی پارەی پێ پەیدا بکات بەکاربهێنێتەوە.

- ✓ لەکاتی دروستکردنی ئەکاونت یان پڕکردنەوەی فۆڕم لە لایەن بەکارهێنەرانەوە، نابێ هەڕەشە و جوێن و سووکایەتی و ناوزڕاندنی کەسی تێدابێت.
- ✓ نابێ یاساشکێنی و هاندان بۆ یاساشکێنیی تێدابێت. مەبەست لە یاساش یاسا نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی هەرێمی کوردستانە.
- ✓ نابێ کۆپی رایتی کەس پێشێل بکات و بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە.
- ✓ نابێ ژیانی تایبەتی (پرایڤسی)ی کەسانی دیکە پێشێل بکات.
- ✓ نابێ ڤایرۆس، سپام یان هەر شتێکی دیکەی زیانبەخشی بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایلی بەکارهێنەرانی دیکە لەگەڵدا بێت.
- ✓ هەرکەسێك هەست کات پێشێل کاری کراوە سەبارەت لە بەکارهێنانی ناوی یان زانیاریەکانی لە لایەن کەسێکی تر یان هاوسەرێکی پێشوتری یان هاوژینێکی پێشوتر ئەوا بۆی هەیە لە ڕێی بەشی سکاڵاوە ڕاستەوخۆ سکاڵا پێشکەش بکات.
- ✓ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن مافی ئەوە دەپارێزێت کە ئەو کەرەستە و زانیاریانە لە هەرکاتێکدا ڕەش بکاتەوە و بگوازێتەوە کە لە لایەن داواکارانەوە بۆ سەر سیستەمی ناوبراو تۆمارکراوە.
- ✓ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن گەرەنتی ئەوە ناکات کە بەکارهێنەر لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم سیستمە هەر جۆرە زیانێکی پێبگات لەڕێی هەر لینك و ماڵپەڕێکی زیانبەخشی ترەوە بێت، بۆیەش هیچ بەرپرسیارێتیەك لەو بارەوە لە ئەستۆ ناگرێت.

**بۆ خوێندنەوەی مەرجەکان بە زمانی بادینی**

**بەردەوام بە ..........................**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتا ئاڤەدانکردنێ و نیشتەجێکردن**

**سیستەمی یەکەکانێت نیشتەجێبوونێ بۆ خێزانێت کێم دەرامەت**

مەرجێن بکارئینانا سیستەمێ یەکەیێن ئاکنجیبوونێ بو خێزانێن کێم دەرامەت بو سوود وەرگرتن ژ یەکەیێن ئاکنجیبوونێ یێن وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ

داگرتنا فورما بدەستڤە ئینانا یەکەیێن ئاکنجیبوونێ یێن خێزانێن کێم دەرامەت یێن وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ هندەك مەرجان ب خوڤەدگریت. هەر داخازکەرەك ب وان مەرجان رازی نەبیت, ب هیچ رەنگەکی نابیت سوود ژ ڤی سیستەمی وەربگریت و داخازێ پێشکێش بکەت.

مەرەم ژ ڤی سیستەمی ئاسانکاریە بو خێزانێن کێم دەرامەت کو هەمی وان مەرجان بخوڤەدگرن بشێوەیەکێ دادپەروەرانە پێشبرکێ بکەن بو بدەستڤەئینانا وان یەکەیێن ئاکنجیبوونێ, ئەوێن هاتینە چێکرن یان دهێنە چێکرن ب وان مەرج و رێنماییێن هاتینە دانان.

**مەرجێن وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ ب ڤی رەنگی دبیت:**

هەر کەسەك ژیێ وی ژ (18) سالا پتر بیت و خودان خێزان بیت و هەمی ئەو مەرج تێدابن یێن ل خارێ هاتی, ب رێکا ڤی سیستەمی داخازێ پێشکەش بکەت بێ ئامادەکرنا هیچ بەلگەنامەیەکێ ل دەسپێکێ دا نەبیتە بارگرانی بو هیچ کەسەکی, ژبەر هندێ پێشبرکی دناڤبەرا گەلەك داخازکەران بو هندەك یەکەیێن دیاری کری دهێتە کرن. وەزارەتێ بڕیاردایە چ بارگرانیەك بو کەسێ نەهێتە دروست کرن و داخازا هیچ بەلگەنامەیەکێ نەکەت, بەلێ پاشی هەر کەسەك لدیف مەرجێن داخاز کرنێ شیا خالێن پێدڤی بدەست خوڤە بینیت و ببیتە خودان ئێك ژ وان یەکەیێن ئاکنجیبوونێ ئەوێن دیار کری, ئەوا پێدڤیە هەمی وان زانیاریان پشت راست بکەت ئەوێن د فورما داخازکەری دا داگرتینە. ژ ئەگەرێ هەبوونا هەر زانیاریەکا نەراست و دروست, پێڕابوونێن یاسایی بەرامبەر داخازکەری دێ هێتە کرن و وەزارەتا مە ب مافێ خو دزانین پێڕابوونێن یاسایی بەرامبەر هەمی وان کەسان بکەت ئەوێن زانیاریێن نەراست پێشکەش کرین. ژبەر هندێ داخازێ دکەین هەر کەسەکێ پێگیری بڤان مەرجان نەبیت بلا داخازێ پێشکەش نەکەت تا دەمێ خو و یێ مە ب فێرو نەدەت و پێڕابوونێن یاسایی بەرامبەر نەهێتە کرن.

ئەگەر ئامادەیی سوزناما دادنڤیسی بو هەمی وان سوزنامان بجهبینی و ئەگەر بەرسڤا تە بەلێ یە! هنگی ئەڤێ فورمێ داگرە:

**سوزنامێن داخازکری:**

- سوزێ د دەی هاولاتیێ هەرێما کوردستانا عێراق بی و ئاکنجی ئەوێ پارێزگەهـ و جهێ وەرگرتنا ڤێ فورمێ بی؟
- سوزێ دەی تو یان هەڤژینا تە ب جودا خودانێت هیچ یەکەیەکا ئاکنجیبوونێ نینن (خانی یان شقە)؟

- سوزێ دەی تو یان هەڤژینا تە سوودمەند نەبن ل هیچ پروژەیەکێ ئاکنجیبوونێ و وەرگرتن و قەرزێ یەکەیەکا ئاکنجیبوونێ.
- سوزێ دەی ئەگەر بوویە خودان یەکەیەکا ئاکنجیبوونێ تا (10) سالان مامەلێن کرین یان فروتنێ پێ نەکەی؟
- سوزێ دەی تە یان هەڤژینا تە سوودمەند نەبووینە ژ مولکێن دەولەتێ (زەڤی, خانی, شقە)؟
- سوزێ دەی ئاکنجیێ دەرڤەی هەرێمێ و هەلگرێ هیچ رەگەزنامەیەکا دی ژ بلی رەگەزناما عێراقی نینی ؟
- سوزێ دەی کو ئەڤ فورمە ل هیچ پارێزگەهەکا دی ل هەرێما کوردستانێ پێشکەش نەکریە؟
- سوزێ دەی تە یان هەڤژینا تە سودمەند نەبووینە ل هیچ زەڤی و خانیەکێ زێدەگاڤی (فورم هەبیت) لسەر مولکێ شارەوانیێ؟
- پشتی دیارکرنا رێزبەندی و راگەهاندنا ناڤان پێدڤیە داخازکەر پشتگیری و دلسوزی بو سوزنامێن لسەری ژ جهێن پەیوەندیدار بینێت.

**زانیاری لدور سەروک و ئەندامێن خێزان:**

ناڤێن هەمی سەروک و ئەندامێن خێزانا خو بنفیسە: هەڤژین, کور, کچ, ب مەرجێ ژیانا هەڤژینیێ پێك نەئینابن. ئەگەر کەسەکی دی هەبوون و هین خودان بکەن (معیل) وەك دەیك و باب و... هتد, ئەوان بەلگەنامێن خودانکرنێ (حجه الاعاله) پێدڤیە و هەر دەمێ داخازا وان بەلگانامان ژ تە بهێتە کرن و راستیا وان پشت راست نەکەی, دێ ژ پێشبرکێ هێیە لادان و پێرابوونێن یاسایی بەرامبەر تە دێ هێتە کرن.

**هەر کەسەك ئەگەر ئەکاونتێ تایبەت بخو لسەر ئەڤی سیستەمی چێ بکەت پێدڤیە ئەڤان خالان بەرچاڤ وەرگریت.**

- ✓ وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ نە بەرپرسیارە بەرامبەر بکارئینانا ناڤەروکا ئەڤێ فورمێ بشێوەیەکێ خراپ ژ لای بکارهێنەران.
- ✓ دێ هێنە قەبیل کرن بکارئینان و داخازکەرێن یەکەیێن ئاکنجیبوونێ ڤێ چەندێ قەبیلە کو لدەمێ لسەر موبایل یان کومپیوتەرێ خو ئەڤ سێستەمە بکاربینیت لینکێ سیستەم وەك ئەپێك(apps) بهێتە خارێ و دبیت مەرجێن دیار کری بهێتە گوهورین, ژبەر هندێ ب وریایی ئەپ یان وێبسایت دهێتە روژانەکرن.
- ✓ مافێ ژێبەرگرتنێ(کوبی رایت) ڤان کەرەستە و زانیارییان بو وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ پاراستینە و نابیت بو هیچ کارەکێ دی بهێتە بکارئینان.
- ✓ وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ ئازادە ب بکارئینانا ڤان کەرەستە و زانیارییانە ئەگەر بو بدەست ڤەئینانا پارا نەبیت.
- ✓ ل دەمێ چێکرنا ئەکاونت یان داگرتنا فورم ژ لایێ داخازکەران , نابیت هەرەشە و ئاخڤتنێن نەجهێ خودا و کرێت تێدا بیت.
- ✓ نابیت شکاندنا یاسا یان هاندان بو شکاندنا یاسای تێدا بیت. مەرەم ژ یاسا ژی یاسایێن نیڤدەولەتی و یاسایێن هەرێما کوردستانێ.
- ✓ نابیت سەربێچیا مافێ ژێبەرگرتنێ کەس بکەت و ب ناڤێ خو بەلاڤ بکەت.
- ✓ نابیت ژیانا تایبەتی (پرایڤسی)یێن کەسێن دی بهێتە پێشێل (انتهاك ) کرن.

- ✓ نابیت هیچ ڤایروس و سپام یان هەر تشتەکێ دی زیان بەخش بو کومپیوتەر و موبایلێن داخازکەرێن دی تێدا بێت.
- ✓ هەر کەسێ بزانیت یێ هاتیە پێشێل کرن لدور بکارئینانا ناڤێ وی یان زانیارێن وی ژ لایێ کەسێن دیتر یان زەلامێ بەرێ یان هەڤژینا بەرێ, دێ شێت ب رێکا بەشێ سکالا راستەوخو سکالا پێشکێش بکەت.
- ✓ وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ ب مافێ خو دزانیت ڤان کەرەستە و زانیارییان ل هەر دەمەکێ ژێ ببەت و ڤەگوهێزیت کو ژ لایێ بکارهێنەران لسەر سیستەمی هاتیە تومار کرن.
- ✓ وەزارەتا ئاڤەدانکرن و نیشتەجێ کرنێ گەرەنتی هندێ نادەت کو بکارهێنەر ل ئەنجاما بکارئینانا ڤی سیستەمی تووشی هەر جورە زیانەك ببیت ب رێکا هەر لینك و مالپەرەکا زیانبەخشێن دیتر, ژبەر هندێ هیچ بەرپرسیارەتیەکا لدور ڤی بابەتی ل هوستیو خو ناگریت.